عێراق ..31 هەزار و 452 کەس یاسای لەبوردنی گشتی دەیانگرێتەوە



ئەمڕۆ چوارشەممە، ئەنجومەنی باڵای دادوەری،ڕایگەیاند ئازادکردنی 31 هەزار و 452 کەس یاسای لەبوردنی گشتی دەیانگرێتەوە.

ئەنجومەنی باڵای دادوەری، لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: ئەنجوومەنی باڵای دادوەری ئاماری نوێی سەبارەت بە جێبەجێکردنی یاسای هەموارکردنەوەی یاسای لەبوردنی ژمارە 27ی ساڵی 2016 ئاشکراکردووە، و ئاماژەی بۆشدا: کەی ئەو کەسانەی لە زیندان و ناوەندەکانی دەستبەسەرکردن بە پێی ئەم یاسایە ئازادکراون گەیشتووەتە 31 هەزار و 452 کەس.

ڕونیشیکردەوە: ژمارەی ئەو کەسانەی لەخێیان گرتووە، لەنێویاندا تەمەتبارەکان، کە فەرمانی دەستگیرکردن یان داواکردنیان بە دەرچووە، ئەوانەی بە کەفالەت و ئەوانەی بە غیابی سزا دراون، گەیشتە 12 هەزار و 8936 کەس, ئاشکراشیکرد: بڕە پارەی وەرگیراوەکان کەی گشتی (27,808,576,458) دینار بووە.